# عوسمان بایدەمیر: تورکیا دەوڵەتی کوردان نییە...



هەڵۆ بەرزنجەیی٣١,٥,٢٠٢٠

«»«»«»«»«»«»«»«»«»«»«»«»«»«»«»«»«»«»«»«»«»«»«»«»

لەژێر ئەم ناونیشانەدا، لە ماڵپەڕی ڕووداو/ کرمانجی ئەم باسەم بەرچاو کەوت، کە گۆڕیومەتە سەر ڕێنووسی کوردیی خواروو. پاشان کۆمێنتێکی لەسەر دەنووسم.

٢٠٢٠/٥/٢٦

هەولێر « ڕووداوSîna Soma «

سەرۆکی شارەوانی پێشووی شاری ئامەد وئەندام پەرلەمەنتاری پێشووی هەدەپ HDP عوسمان بایدەمیر، ڕایگەیاند کە : دەوڵەتی تورکیا دەوڵەتێکی دیموکرات نییە و پێویستە هەڵوەشێتەوە...

عوسمان بایدەمیر لە هەڤپەیڤینێکیدا لەتەک دەزگای بەریتانی« تەلەگراف ئەکتویل» ڕەخنەی توند لە دەوڵەتی تورکیا دەگرێ.

بایدەمیر، لەم هەڤپەیڤینەدا دەڵێ: تورکیا دەوڵەتی کوردان نییە و دەوڵەتێکی داگیرکەرە و رەوایەتی خۆی لەدەست داوە.

بایدەمیر جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە، کە دەوڵەتی تورکیا هەرگیز ناگۆڕێ و نابێتە دەوڵەتێکی دیموکراتیک. هەروەها دەڵێ: ئەوە دەیان جار تاقی کرایەوە، دەوڵەتی تورکیا ناگۆڕێ و نابێتە دیموکراتیک.

ئەم سیاسەتڤانە ناودارەی باکووری کوردستان عوسمان بایدەمیر، هەروەها ئاشکرای کرد و وتی: ئێمە لە تورکیا ڕووبەڕووی دەوڵەتێکی زۆردار و داگیرکەر دەبینەوە، کە دەبێت هەڵوەشێتەوە و لەناو داروپەرووی کاولبووەکەیدا خۆی سەرنگووم بکات.

لە بەردەوامی هەڤپەیڤینەکەیدا بایدەمیر دەستنیشانی ئەوەی کرد کە دەوڵەت و پەرلەمانی تورکیا نە هی ئێمەی کوردە و جەختی کردەوە کەوا دەبێ ئێمە بگەڕێینەوە سەر بنجوبناوان و ڕیشەی خۆمان.

بایدەمیر ئاماژەی بەوە دا دەوڵەتی تورکیا لە باکووری کوردستان ڕەوایەتی نەماوە و دەڵێ لە ئامەد ڕەوایەتی ئەم دەوڵەتە بەدوایی هاتووە، لەبەر ئەوەی سندووقی دەنگدانەکانی نەهێشتووە.
ئەم دەوڵەتە لێرە دەوڵەتێکی داگیرکەر و کۆلۆنیالە.

عوسمان بایدەمیر ئاماژە بە هەوڵ و تێکۆشانی کورد بۆ بەدیموکراتیزەکردنی تورکیا دەدات و ڕەخنە لەم کارە دەگرێ و ئاکامی ئەم هەوڵە باس دەکات. هەر لەم سۆنگەیەوە ڕەخنە لە سیاسەتی تەڤگەری کورد لە باکووری کوردستان دەگرێ و دەڵێ: ئێمە هەوڵمان گرتە بەر بۆ بە دیموکراتیزەکردنی ئەم دەوڵەتە و تەواوی هێز و توانا و وزەی خۆمان خەرج کردووە بۆ شتێ کە نابێت و نایەتە دی.




هەروەها دەڵێ: پێویستە ئێمە بۆخۆمان بین و خۆمان بپارێزین و دەبێ بگەڕێینەوە سەر ڕەگوڕیشەی خۆمان بۆ جوگرافیای خۆمان« مەبەستی نیشتمانە- هەڵۆ». بەداخەوە ئەم پەرلەمانە چ سوودێکی بۆ ئێمە نییە. سیاسەتڤانی کورد بایدەمیر لەبەشێکی تری هەڤپەیڤینەکەیدا جەخت دەکاتەوە لەسەر: دەبێ ئێمە بە شێوەیەکی ئاشکرا بئاخڤین « نیشتمانی من هەیە، ناوی ئەوەش کوردستانە. من نەتەوەیەکم شەڕی فاشیستی کەمالیستی، شەڕی فاشیستی ئیسلامی بە من چی؟ بۆ دۆزەخ. ئێوە هەردوو بۆ دۆزەخ ئەستەمبوڵی ئێوە، ئەنقەرەی ئێوە، ئیزمیری ئێوە بۆ من چی؟؟».

دەبێ ئێمە بە ئاشکرا بڵێین : ئەم دەوڵەتە دەوڵەتی ئێمە نییە. من بۆ ئەوە ناڵێم کەوا هێزی ئێمە هەیە.. من دەزانم هێزی ئێمە ناگاتە ئەمە..هێزی ئێمە نابێتە هیزی ئەوان، بەڵام هێزی ئێمە بەشی خۆمان دەکات. ئێمە نەبینە بەشێک لە گەمەکانی ئەوان...

هەروەها دەڵێ: دەبێ کورد بنکەیەکی دراوسێیەتی لەگەڵ تورکیا دروست بکات.. وردە وردە کاتی ئەوە هاتووە.

!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!

پێم وایە لەم چەند دەیەیەی ڕابووردوودا چ کەسایەتییەکی سیاسی کورد لە باکووری کوردستان هێندە واقیعی و ئەقلانی نە بیری کردۆتەوە و نە بوێری دەربڕینی وەک عوسمان بایدەمیر هەبووە.

وەڵامە بەناوبانگەکەی بەرامبەر بە سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا، کاتێ لێی دەپرسێ کوردستان لەکوێیە؟ دەست دەخاتە سەر سنگ و دڵیی و دەڵێ: کوردستان لێرەیە، سەرتاسەری تورکیای تەزاند و کوردستانیشی هەژاند و خرۆشان.

بریا حیزب و سیاسەتڤانەکانی باکووری کورد بەتایبەت و تەواوی کوردستان بەگشتی، وەک بایدەمیر هزر و بیریان بکردایەتەوە و هەڵوێست و ڕەفتاریان هەبووایە.

لە باشووی کوردستان٣ دەیەیە خاوەن پەرلەمانین، کەسێک پەیام و ڕاگەیاندنێکی وای بەڕووی داگیرکەر و دنیادا نەداوە.

ئەوانەی قەندیلیش بە تۆزی ئەم وتە راست و دروست و دڵسۆزانە نەگەشتوون. ئەوان دەیانەوێ ئەم جۆرە داوا و قسانە فڕێ بدەنە زبڵدانەوە، چونکە باویان نەماوە و پێویستە دەوڵەتی تورکیا بە دیموکراتی بکەین.

دیارە ئەمە جگە لەوەی تاکە ڕێی ڕزگارییە، تاکە چەکێکیشە بۆ شەڕی داگیرکەران. بەهیوای ئەوەی هەموو سیاسەتمەدارانی کورد پەڕۆیەک لە عوسمان بایدەمیر دادڕن و بانگی هەقی کوردایەتی بە ئاشکرا و دەنگی بەرز پێویستە و خۆشە...

نەفرەتی خوا و مێژوو و ویژدان لەوانەی تری نەتەوە کورد بە ئەفیونی دروشمی درۆزنانە و وڕێنەی چەمک و تیۆری دیکە دەخەپێنن.

دروود بۆ سیاسەتڤانی هێژا و بوێری کورد «عوسمان بایدەمیر... »

سەرنج : بایدەمیر  بەدرێژی هەمان ناوەڕۆک لە چاوپێکەوتنێکی MedyaTV  دا بە تورکی کردووە.

لینکی ڤیدیۆکە و بابەتەکەی ڕووداوتان بۆ دادەنێم...

https://www.rudaw.net/kurmanci/kurdistan/٢٦٠٥٢٠٢٠٣
HDP APE OSMN KüRDISTAN
KiMSENiN BBASININ MALI DEGiLDiR
„Kurdistan ne malé bavê kesekîye“
https://YouTube.be/yEF-PsmA



